# منصور حكمت يەك كەس  نیە هەتا بمرێ !

هەواڵی كۆستێكی گەورەم بیست بە دوا چاولێكنانی هاوڕێ ( ژوبین )  هەرچەندە ئەمە بۆ ئێمەی كرێكارانی كۆمۆنیست یەكەم هەواڵ و دواین هەواڵ نیەو نابێ بەڵام ئەوەی نیگەرانی كردم ئەم هاوڕێ ئازیزە لەگەڵ ئێمەدا ئیتر بەجەستەی زیندو ئاهەنگی جەژنی ئێمەی كرێكاران و زەحمەتكێشان ناگێڕێ لە دامەزراندتی دەسەڵاتی ئێمە كە ( ماركس و ئەنجلس ) نەخشە و بەردی بناغەیان دانا و ( لینین  و منصور حكمت ) بونە تەواو كەرو ئەندازیاری ئەم بناغەیە لەگەڵ ئێمە هاوچارەنوس و هەڵسوراو بوون تا دواین ترپەی دڵە گەورە پڕ هەست و سۆزە ئینسانیەكەیان ... بۆ ئێمە كرێكاران ئەوە ڕوونە  هەموو ساتێكی ئەم ژیانە گیانی دەیان هاوچینمان لەهەموو قوژبنێكی ئەم جیهانە لە دەست ئەدەین ئەویش زامێكی هەمیشەیی ئەم نیزامەیە كە ئێمە دژی ڕاوەستاوین ...

بەڵام زامی لەدەست دانی رابەرانمان هەزاران هێندەی تری زامەكانی رۆژانەمان قوڵ و گرانە بەڵام فێری ئەوەیان كردین كە چۆن رێگای ڕزگاری بگرینە بەر ...

ئێمە بۆیە دەڵێین ( مەنصور حكمەت ) نامرێ چونكە لەگەڵ هەر خواستێكی ئێمەدا بۆ  (نان , كار , بیمە , یاسای كار , خانوبەرە , پۆشاك , كارەبا , ئاو , ئازادی , .....هتد ) لەپێناو باشكردنی ژیانمان سەرمایەداران و حیزب و دەسەڵاتەكەیان گەشەكردنی ئەو تارماییە ئەبینن كە ماركسیزم و ( مەنصور حكمەت ) رابەریی دەكەن گەواهی ئەم قسەیەشم هەڵسوڕانیڕیكخراوەكانی كرێكاران و بێكاران و  ژنان و لاوان و خەڵكی بێخانەو لانە و ئاوارەو مامۆستاو فەرمانبەری كوردستانە من ئەوەم قەت بیرناچێتەوە كە سكرتێری ( یەكێتی نیشتمانی كوردستان ) جلال تاڵبانی ساڵی ۱۹۹۳ بە ئێمەی نوێنەرانی یەكێتی بێكارانی ووت لە دانیشتنێكا سەبارەت بە دابین كردنی بیمەی بێكاری بۆ بێكارانی كوردوستان وە راوەستانەوە بە رووی تیرۆریزم دا لە كوردوستان ووتی ( من بیمەی بێكاری نادەم چونكە دەچێتە گیرفانی منصورحیكمەت )وە بەڵێ راستەچونكە منصور حكمەت واتە سیما و ڕەمزی خەبات بۆ دنیایەكی باشتر بۆ ئینسان ئێمە لە ڕووبەڕوو بوونەوەو خەبات و هەڵسوڕانی ڕۆژانەمان ( منصورحكمەت )مان ناسی تا ئەو خەباتە بەردەوام بێت ئەویش زیندووە كەواتە با سەرەخۆشی لەیەك نەكەین با كەمەرببەستین تا خەندەی سەرلێوی دوژمنانی چینەكەمان بتارێنین هەموو بەیەك دەنگ هاوار بكەین ئەوا هاتین بە پانتایی شەقامەكان سرود ئەڵێین بیڵێین و بیڵێینەوە ( با چینە چەوسێنەرەكان لە برامبەر شۆڕشی كۆمۆنیستی دا سەرتاپایان بێتە لەرزین , كرێكاران لەم شۆڕشەدا بێجگە لە زنجیرەكانیان هیچ لەدەست نادەن , بەڵام جیهانێك بەدەست دێنن , كرێكارانی جیهان,یەكگرن! )

## بژی مەنصور حكمەت رەمزی خەبات بۆ دنیایەكی باشتر

**ئەكرەم چاوشین**

**۲۰۰۲/۷/۵ كندا**